زنجیرە ڕێنمایەکانی دێرین (الأثر) ژمارە ( ٤ )

# شەوی قەدر

## پاداشتی زیاترە لە هەشتاوسێ ( ساڵ ) پەرستن لەتەنها یەک شەودا








ئامادەکردن و نوسینی : مامۆستا هاوار عبداللە

پێداچونەوەی : مامۆستا عدنان بارام



www.fermude.com

# شــەوی قـــەدر

## پاداشتی زیاتر لە هەشتاوسێ ساڵ پەرستن لەتەنها یەك شەودا

الحمـدلله رب العـالمين والصـلاة والسـلام علـى خـاتم المرسـلين وعلـى الـه وصحبه اجمعين امابعد :

موسڵمانی یەك خوا پەرست زۆرێکمان لەهـەوڵ و کۆششـی بەردەوامـداین بۆبەدەسـت هێنـانی بژێوی ژیا نمان تـاوای لێ هاتووە پەرستنەکا نمان لەیادچـووە لەکاتێکـدا دڵنیـانین لـەوەی کەئایە مردن دەرفە تمان ئەدات ئەوبڕە سامانە سەرف بکـەین کەبەدەسـتمان هێنـاوە؟ بۆیـە زۆرجار بۆئاوەدانکردنەوەی ماڵی دونیا خۆمان ماندووئەکـەین و لەگـەڵیا مـاڵی قیامـە تمان وێران ئەکەین لەکاتێکدا ئاوەدانکردنەوەی مـاڵی قیامـە تمان ئاسـانەو مانـدوبونێکی زۆری ناوێ بەلام وێران کردنی پێویستی بە هەوڵێکی زۆرهەیە ، ڕێگایەکی دوورمـان گرتۆتـە بـەر بەمەبەستی گەیشتن بەخۆشبەختی کەچی ڕێگـای خۆشـبەختی زۆر ئاسـانەو زۆریـش نزیکـە لێمانەوە .

لـەدەرە نجامی هـەموو ئـەو تـاوانانـەی کـە ئەیکـەین هێنـدەی تردڵـەکا نمان ڕەش ئـەبێت لەکاتێکدا هەندێ پەرستن هۆکارن بۆسڕینەوەی زۆرێك لەتـاوانەکا نمان بۆیە لێرە دائەە پرسم : لەماوەی ( ١١ ) مانگ و ( ٢٠ ) شەودا هەمیشە خەوتن چیمان دەست کەوتووە و لەئە نجامی چی ؟ بێگومان لەدەست چوونی نوێژی بەیانی و ئەمیش لەئە نجامی ماندووبوونی کاری ڕۆژانە .

باشە لە ماوەی ( ١١ ) مانگ و ( ٢٠ ) شەو دانیشتن بەدیار سەتەلایتەوە چیمان دەست کـەوتووە؟ بێگومان ئازاردانی چاوەکا نمان و زیـادکردنی تـاوانـەکا نمان ، ئەمەجگـە لـە شـەونخونی و قسەکردن بەتەلەفۆن تادەمەو بەیان و چـەندین تـاوانی تـر ئـەی لەئـە نجامی کـارکردنی بەردەوام لە ماوەی ( ١١ ) مـانگ و ( ٢٠ ) ڕۆژ چـیمان دەسـت کـەوتووە؟ هەنـدێ پـارەو سـامان کەزۆرجار بەناشەرعی یان لەسەر حیسابی پەرستنەکا نمان دەسـتمان ئەکـەوێت. بەداخـەوە بازرگانی کردنی دونیا بۆزیادکردنی سامان و بژێوی ماڵ و منداڵ سـەرقاڵی کـردووین لـەوەی کەهەوڵ و کۆششەکا نمان بخەینەگەڕ بۆ ئەو ڕۆژەی خوای پەروەردگار لەبارەیەوە

ئەفەرمویٚ ﴿يَوۡمَ لَا يَنفَعُ مَالٞ وَلَا بَنُونَ ٨٨ إِلَّا مَنۡ أَتَى ٱللَّهَ بِقَلۡبٖ سَلِيمٖ ٨٩﴾[1] واته : ﴿ئـەو ڕۆژە کەنەماڵ و سامان سودی دەبێت نەمناڵ و کوڕان بەکەڵك دێن مەگەر کەسێك بەدڵێکی ساغەوە بێتە حوزوری خوا ...﴾ زانایان لە پێناسەی (القلب السليم) دا دەڵێن : (ئەو دڵەیە کـەخاڵی بێت لەبیدعەو دامەزراوبێت لەسەرسوننەت ) .

لەدونیادا گرێیەستێك بکە بۆماوەی (٨٣) ساڵ بازرگانی کردن ، بۆچـی و بـۆکێ ؟! بـۆ زیـاد کردنی سامان و سەرمایە و ئەو مناڵانەی کەڕەنگە لە پاش مردنت لەو سامانەت هیچ خێرێکـت بۆنەکەن ، لێرەدا پێت ئەڵێم وەرە بۆماوەی (١٠) شەو لەگەڵ پەروەردگارتـا بازرگانیـەك بکـە قازانجی ئەو (١٠) شەوەیشت لە (٨٣) ساڵ پەرستن زیـاترە لەتـەنها (١٠) شـەودا ، ئێسـتا کاتی ئەوەهاتووە تـاقی کردنەوەیەکی تر بکەین بەتەنها (١٠) شەو نەخەوتن تەعویزی (١١) مانگ و (٢٠) شەو غەفڵەت بکەینەوە .خوای پەروەردگار لەبەر سـۆزو بـەزەیی بەبەنـدەکانی تەنها (١٠) شەوی کردۆتە هۆکار بۆدەست کەوتنی پاداشتی (٨٣) ساڵ پەرستن بەڵام چۆن ؟ بە چ شێوەیەك (١٠) شـەو بتـوانیٚ لـە (١١) مـانگ و (٢٠) شـەو گـەورە تربێـت ؟ بەدڵنیایـەوە لەتەرازوی شەرعدا ئەو (١٠) شەوە نەك لە (١١) مانگ قورس ترو گەورە ترە بەڵکو لـە (٨٣) ساڵ گەورە ترە بەواتایەکی تر پاداشتی (٨٣) ساڵ پەرستن بەتەنها لـە (١٠) شـەو پەرسـتن بەدەست ئەهێنێت ، لەوانەیە بڵێی ئەم (١٠) شەوەی کەبەشێکن لەساڵ چ جیاوازیەکیان هەیە لەگەڵ شەوەکانی تردا هەبێت؟ لێرەدا ئەمەویٚ وەڵامی ئەم پرسیارە لەمرۆڤێکـەوە نەبیسـتی بەڵکو وەڵامی پرسیارەکەت لەکتێبی خوای پەروەردگارەوە ببیستی کە ئەفەرمویٚ :

﴿إِنَّآ أَنزَلۡنَٰهُ فِي لَيۡلَةِ ٱلۡقَدۡرِ ١ وَمَآ أَدۡرَىٰكَ مَا لَيۡلَةُ ٱلۡقَدۡرِ ٢ لَيۡلَةُ ٱلۡقَدۡرِ خَيۡرٞ مِّنۡ أَلۡفِ شَهۡرٖ ٣
تَنَزَّلُ ٱلۡمَلَٰٓئِكَةُ وَٱلرُّوحُ فِيهَا بِإِذۡنِ رَبِّهِم مِّن كُلِّ أَمۡرٖ ٤ سَلَٰمٌ هِيَ حَتَّىٰ مَطۡلَعِ ٱلۡفَجۡرِ ٥﴾

بەڵێ موسڵمانی بەڕێز : ئەو دەشەوەی کەباسمان کرد (شەوی قـەدر) ە کـە پاداشـتی هـەزار مانگی هەیە بۆیە ئەڵێم بەیەك شەو پەرستن چونکە (١٠) شەوی کۆتـای ڕەمـەزان بە پەرسـتن زیندووبکەیتەوە دڵنیابە ئەوشەوە ئەدۆزیتەوە کە (ليلةالقدر) ی تیایە وە بۆیە ئـەڵێم هـەر

[1] الشعراء: ٨٨ - ٨٩

( ١٠ ) شـــەوەكە زينـــدوو بكـــەرەوە بـــۆ ئـــەوەی دڵـــت ئـــارام بگرێـــت كەلەشـــەوی ( قـــەدر ) دا بەخەبەربوويت و پاداشتی هەزار مانگت دەست كەوتووە . وەبۆ ئەوی دڵنيابی لەگـەورەی ئـەم دەشەوە ئەوا پێغەمبەرمان ﷺ فەرموويەتی : ( من قام ليلة القدر إيمانا واحتسابا غفر لـه ماتقدم من ذنبـه )[٢] واتە : ﴿هەركەسێك شەوی قەدر زيندووبكاتەوە و بـاوەڕی پێـی هـەبێ و چاوەڕوانی پاداشتی خوابێت ، ئەوا خوا لەتاوانەكانی پێشوی خۆش ئەبێت﴾

بزانە خوای پەروەردگار چەند بەسۆزو بەبەزەی يە بەرامبەر بەبەندەكانی پاداشتی زیاتر لە ( ٨٣ ) ساڵ لەيەك شەو پەرستن توخوا موسڵمانی بەڕێز ئەمەكاری پـەروەردگارە بەرامبـەرمان باشە ئێمە شەرم ناكەين لەكردەوەكانمان بەرامبەر پەروەردگارمان ؟ تەنانەت گەورەيی ئـەم شەوە گەيشتۆتە ڕادەيەك فريشتەكانيش داوای لێخۆش بوون بۆموسڵمانان ئەكەن .

ئێمەی مرۆڤ كەبەردەوام لەتاوان داين لەجياتی گريان پێ ئەكەنين لەكاتێكـدا پێغەمبـەری ئازيزمان ﷺ خوای پەروەردگار لەتاوانەكانی داهاتوو ڕابردووی خۆش بوبوو كەچی شەوی قـەدری زيندووئـەكردەوە هـەروەك دايكـە عائيشـە سـەبارەت بـە پێغەمبـەری خـواﷺ فەرموويەتی : ( كان النَّبيُ ﷺ إذا دخل العشر شد مئزره وأَحيى ليله ، وأيقظ أهله )[٣]

واتە : ﴿ پێغەمبەری خوا ﷺ كاتێك داخيلی ناو دەڕۆژی كۆتای مانگی ڕەمەزان ئەبوو ، دوور ئەكەوتـەوە لـەجووت بـوون لەگـەڵ خێزانەكانيـدا ، وەشـەوەكانی زينـدوو دەكـردەوە خێزانەكانيشی بەخەبەر دەهێنا ﴾ .

بەڕاستی شەرمەزاری يە بۆئێمەی مرۆڤ كە كاتێك ميوانێكمان دێت تـانيوەی شـەو ناخـەوين و لەگەڵيا غەيبەتی ئەم وئەو دەكەين و تاوان دەكەين لەكاتێكدا لەشەوی ( قەدر ) دا هـەزاران فريشتە ميوا نمانن كەچی بـێ گوێدانـە ئـەم ميوانـە بەڕێزانـە خـەوتن هـەڵ ئەبـژێرين . حەسەنی بەسری ( ڕەزای خوای لەسەربێت ) فەرموويەتی : ( نەم بينی شتێك لەعيبادەتدا وەكو شەو نوێژ بێت .

---

[٢] متفق عليه

[٣] رواه البخاری ومسلم

وەهەرکاتێ شەدادی کوڕی ئەنەسیش بچوتایە سەر جێگای خەوتن لەشەودا ، وەکو پاقلەیەك چۆن دەیکوڵێنێ وای لێ دەهات ، دەیووت : خوایە جەهەننەم نایەڵێ بخەوم ، وە هەڵئەسا بۆ شەو نوێژ کردن .

ئەمەحاڵی ( پێشین ) بووە کەچی ئێمە چرکەیەك خەونادەین بەهەموو دنیا بۆیە موسڵمانی بەڕێز چۆن شەوانیتر تانیوەشەو بەدیار دووگۆڵێ و دەمەتەقێ و تەلیفۆنەوە شەو نخونیت دەکرد ئەوا هیچ نەبێت وەکو شەوانی تریش ئەم ( ١٠ ) شەوە تاقی بکەرەوە بەڵام بە پەرستنی پەروەردگار ( نەك بە خواردنی حەلەویات و جگەرەکێشانەوە ) هیچ نەبێ لێخۆش بوونی پەروەردگارت دەس ئەکەوێ . بۆیە ئاگاداربە نەکەی ئەم شەوت لەدەست بچێت چونکە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی : ( أتاكم شهر رمضان شهر مبارك ...وفيه ليلة هي خير من ألف شهر من حرم خيرها فقد حرم )[٤]

واتە : ﴿ئەوا مانگی ڕەمەزانتان بەسەر داهات ، کەمانگێکی پیرۆزە و بە بەرەکەتە ...... وەشەوێکی تێدایە خێرو چاکەی لە هەزار مانگ چاکترە ، ئەو کەسەی لەخێرو چاکە کەی بێ بەش بێت ئەوا بێ بەش بووە . )

## ئەوەشمان لەبیر نەچێ فەزڵی ئەم دە شەوە زۆرگەورەیە لەوانەش

١.شەوێکە قورئانی تێدا نێردراوەتە خوارەوە ﴿ إِنَّآ أَنزَلۡنَٰهُ فِي لَيۡلَةِ ٱلۡقَدۡرِ ﴾[٥]

٢.شەوێکی پیرۆز و موبارەکە ﴿ إِنَّآ أَنزَلۡنَٰهُ فِي لَيۡلَةٖ مُّبَٰرَكَةٍۚ ﴾[٦]

٣.خاڵی یە لەخراپەکاری و پڕە لەکاری چاکە ﴿ سَلَٰمٌ هِيَ حَتَّىٰ مَطۡلَعِ ٱلۡفَجۡرِ ﴾[٧]

٤.فریشتەکان دێنە خوارەوە بۆسەر زەوی خێرو چاکە و لێخۆ شبوون ئەهێنن

﴿ تَنَزَّلُ ٱلۡمَلَٰٓئِكَةُ وَٱلرُّوحُ فِيهَا بِإِذۡنِ رَبِّهِم مِّن كُلِّ أَمۡرٖ ﴾[٨]

---

[٤] صحيح الجامع الصغير /٥٥
[٥] القدر: ١
[٦] الدخان: ٣
[٧] القدر: ٥
[٨] القدر: ٤

٥. تيايدا خواى پەروەردگار ئەجەل و ڕۆزى بەندەكانى ئەنوسىٚ ﴿ فِيهَا يُفۡرَقُ كُلُّ أَمۡرٍ حَكِيمٍ ﴾[٩]

٦. پاداشتى پەرستن تيايدا لە هەزار مانگ زياترە ﴿ لَيۡلَةُ ٱلۡقَدۡرِ خَيۡرٌ مِّنۡ أَلۡفِ شَهۡرٍ ﴾[١٠]

٧. هۆكارە بۆليٚخۆش بوونى تاوانەكانى ڕابردوومان پيٚغەمبەرمان ﷺ فەرموويەتى :

( من قام ليلة القدر إيمانا واحتسابا غفر له ماتقدم من ذنبه )[١١]

واتە : ﴿هەركەسيٚك شەوى قەدر زيندووبكاتەوە و باوەڕى پيٚى هەبىٚ و چاوەڕوانى پاداشتى خوابيٚت ، ئەوا خوا لەتاوانەكانى پيٚشوى خۆش ئەبيٚت ﴾

٨. خواى پەروەردگار سورەتيٚكى لەفەزلٚى ئەم شەوە ناردۆتە خوارەوە كە تاقيامەت دەخويٚندريٚتەوە .

بۆيە لەم ١٠ شەوەى كۆتاى ڕەمەزانە باخورەوشتمان وەكو خورەوشتى پيٚغەمبەرى خوابيٚت ﷺ

( كان رسول الله ﷺ يجتهد في العشر الأواخر مالا يجتهد في غيرها )[١٢]

واتە : ﴿ پيٚغەمبەرى خوا ﷺ لەدە ڕۆژى كۆتايدا زياتر هەولٚى خوا پەرستى دەدا بەشيٚوەيەك ئەو هەولٚەى لە ڕۆژانى ترنە ئەدا .

بۆيە ئەى ئەو كەسەى كەمندالٚت نابىٚ و پەنا ئەبەيتە بەر شيٚخ و جادوگەر؟؟!

ئەى ئەو كەسەى نەخۆشيت و خۆلٚى سەرقەبران ئەخۆيت ؟؟!

ئەى ئەو كەسەى هەژارو دەست كورتيت و داواى ڕۆزى لە مردوان ئەكەيت ؟؟! ئەى ئەو كەسەى كيٚشەيەكت هەيەو بيرت چووە خوايەك لەئاسمانە و لەكيٚشەكەى تۆ گەورە ترە؟؟!

شەوى قەدر بە پەرستن زيندو بكەنەوە چونكە پيٚغەمبەرى خوا ﷺ فەرموويەتى :

( يترل الله في كل ليلة إلى سماء الدنيا ، فيقول : هل من سائل فأعطية ؟ هل من مستغفر فأغفرله ؟ هل من تائب فأتوب عليه ؟ حتى يطلح الفجر )[١٣]

---

[٩] الدخان: ٤
[١٠] القدر: ٣

[١١] رواه البخارى ومسلم
[١٢] رواه مسلم
[١٣] رواه مسلم

واته : ﴿خوای پەروەردگار هەمووشەوێك دێتە ئاسمانی دونیا ، دابەزینێك لایەق بێت بەگەورەی و جەلالی خۆی ، وەدەفەرموێت : ئایا داواكارێك هەیە پێ ی ببەخشم ؟ یان كەسێك هەیە داوای لێخۆش بوون بكات بۆئەوی لێی خۆشبم ؟ یان كەسێك هەیە تۆبە بكات بۆئەوەی لێی ببورم ؟ ئەوەش تاوەكو سپێدە ( فەجر یان زەنگ ) دەردەكەوێت .

# نیشانەكانی ئەم شەوە

بزانە ئەی بەندەی گوێرایەڵ ، خوای پەروەردگار یارمەتیت بدات بەڕەحمی خۆی و پشتیوانیشت بێ بەسەركەوتنی خۆی ، كە پێغەمبەری خوا ﷺ دەمەو بەیانی ئەم شەوەی بۆ وەسف كردووین ،

بۆ ئەوەی موسڵمان بزانێت ئەم شەوە چ شەوێكە لە (أبي بن كعب)ەوە دەگێرنەوە كەفەرموویەتی : پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی : ( صبيحة ليلة القدر تطْلع الشمس لا شعاعَ لها ، كأنها طست حتى ترتفع )[14]

واتە : ﴿بەرە بەیانی شەوی ( قەدر ) خۆر هەڵدێت و تیشكی نیە ، هەروەكو تەشتێك تا ئەو كاتەی بەرز دەبێتەوە﴾

وەلە (أبو هريرة) وە ﷺ دەگێرنەوە فەرموویەتی : باسی شەوی قەدرمان دەكرد لەلای پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی : ( أيكم يذكر حين طلع القمر ، وهو مثل شق جفنة )[15]

واتە : ﴿كامەتان لەیادێتی كاتێ مانگ دەركەوت وەكو نیوەی قاپێك بوو﴾

وەلە (ابن عباس) ەوە( ڕەزای خوالەخۆی و باوكی بێت ) دەگێڕنەوە فەرموویەتی : پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی : ( ليلة القدر سمحة ، طلقة ، لاحارة ، ولاباردة ، تُصبح الشمس صبيحتها ضعيفة حمراء )[16]

واتە : ﴿شەوی قەدر شەوێكی بێ دەنگ و ڕوونە ، نەگەرمە و نەسارد خۆری بەیانیەكەی لاوازو سور دەبێ﴾

[14] أخرجهُ مسلم رقم (٧٦٢)
[15] أخرجهُ مسلم رقم (١١٧٠)
[16] أخرجهُ الطيالسي رقم : (٣٤٩) ، وابن خُزَيمة (٢٣١/٣) والبزار : (١/ ٤٨٦) وسندهُ حَسَنُ

وەهەندێك نیشانە هەن كەلەنێو خەڵكیدا باوە وەك ( سەگەكان لەوشەوە ناوەڕن ،و، دارەكـان ســوژدە ئەبــەن،و، ئاوەشــۆڕەكان شــیرین ئــەبن ) ئەمانــە هــەمووی هەڵبەســتراوەو لەشەرعیشدائەصڵی نیەبـەڵكو نیشـانە ڕاسـتەكان ئەوانـەن كەلە پێشـدا خسـتمانە ڕوو .

لەكۆتـایدا ئەڵێم ئەی موسڵمانی لەخواترس شوكری خوابكە كە ئەم ڕەمەزانە زیندووی ڕەنگـە ڕەمەزانی داهاتوو ژیانـت بـە جێهێشـتبێت و كەسـێك نـەبێت لـەجیاتیت تـەنها دوو ڕكـات نوێژبكات ئەو جا پە نجەی پەشیمانی ئەگەزی هەروەك خوای پەروەردگار سەبارەت بەو جـۆرە كەمتەرخەمانە ئەفـەرموویت : ﴿ حَتَّىٰٓ إِذَا جَآءَ أَحَدَهُمُ ٱلۡمَوۡتُ قَالَ رَبِّ ٱرۡجِعُونِ ﴿٩٩﴾ لَعَلِّيٓ أَعۡمَلُ صَٰلِحٗا فِيمَا تَرَكۡتُۚ كَلَّآۚ إِنَّهَا كَلِمَةٌ هُوَ قَآئِلُهَاۖ وَمِن وَرَآئِهِم بَرۡزَخٌ إِلَىٰ يَوۡمِ يُبۡعَثُونَ ﴿١٠٠﴾ ﴾ [١٧]

واتە : ﴿هەتا كاتێ مردن دێت بۆهەركامیان ئەوسا ئەڵێ : ئەی پـەروەردگارم بم گەڕێنـەوە ( بۆدونیا ) بەڵكو كردەوەی چاكەبكەم ( لەبری ئەوەی نەم كردوە ) لەو تەمەنەی لەدەستم چـوو ، نەخێر بێگومان ئەمە تەنها قسەیەكە ئەو ئەیڵێ ولە پاش مردنیشیان لـەژیانی بەرزەخـدا ئەژین تـا ڕۆژێك زیندوو ئەكرێنەوە﴾

( سبحان الله) ئەوانەی مژدەی بەهەشتیان پێدرابوو دەگریان و بەگریانـەوە شـەوی قـەدریان زیندوو ئەكردەوە ، ئێمەش هێشتا نازانین ئە نجامەان بۆكوێ یە كەچی یانزە مـانگ و بیسـت شەو بۆ خۆمان ئەخـەوین كەچـی نـاتوانین تـەنها ( ١٠ ) شـەو شـەو نخونی بكـەین لـە پێناو لێخۆشبوونی پەوەردگار بۆیە موسڵمانی بەڕێز تەنها پێت ئەڵێم بـەر لـەوەی مـردن یەخـەت بگرێـت بەتــەنها ( ١٠ ) شــەو پەرســتن گــۆڕی تاریكــت ڕوونــاك بكــەرەوە و لێخۆشــبوونی پەروەردگاریش بۆ خۆت بەدەست بێنە .

((( وصلى الله على محمد وآله وصحبه وسلم )))

لەبڵاو كراوەكانی پەرتوكخانەی دێرین

ناونیشان سۆران : ڕیزی سیدی فرۆشان شەقامی تەنیشت یاریگا

ژمارەی سپاردنی ( ٣٤٦ )

www.regayislam.com

[١٧] المؤمنون: ٩٩ - ١٠٠